www.kurdistannet.org
21-2-2006 10:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەورەترین پرۆژەی گەشتیاری و شارستانی لە هەرێمی کوردستان!! ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



یەکێک لەو پرۆژە گەورانەی کە هەمیشە لە هزرو خەیاڵ و ئومێدی لاوو پیرو کچ و ژن و گەورەو بچووک بوو وا خەریکە دەچێتە قۆناخی جێبەجێکردنەوەو لەوانەیە باری گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان بگۆڕێ بۆ ئاستێک کە هەموو کەس شانازی پێوە بکات و ئەو حەز و ئارەزوانەی کە ئێمەو سەدان و هەزارانی وەکوو ئێمە کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خولیای بووین کاتێک کە دەمان ویست دەست لەدەستی دارا و نەوزاد زارا بنێین و بچینە ناو ئەو سروشت و دیمەنە جوانانەی کە لە وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کتێبەکەی ئەلف و بێی کوردی ئیبراهیم باڵدار دا بەرجەستە بوون کە دیارە ئەو زاتە لەو ساتەوە دونیایەکی نوێی پیشانی هەموو دەسەڵات و دامودەزگاکانی میری داوە کەخەونی هەموو منداڵانی لێ دێتە دی بەڵام بەداخەوە کەس بە شێوەیەکی فەلسەفیانە و بەو قووڵیەوە سەرەنجی لەو وێنانە نەداوەو ئیلهامی بۆ دروست نەبوە کە پێویستە جیهانێک بۆ منداڵە بێنازەکانمان دروست بکەین پڕبێت لە گوڵ و خۆشەویستی تا ئەو خۆشەویستیەو جوانیە لەگەڵیان گەورە بێت و ببێتە هەوێنی بیرکردنەوەی ئەوانەی کە دواڕۆژی ئەو میللەتەیان پێ دەسپێرین!هیچ کەس لە ئێمە نیە دەیان زانیاری لەسەر خۆشی ووڵاتە پێشکەوتوکانەوە نەبێت دەیان فلیم و وێنەی لەسەریان نەدیبێت ئەو وڵاتە خۆش و سیستەمە بەرزانەی کە ئەفلاتون و چەندانی تر بەر لە هەزاران ساڵ لە ئێستا باسیان کردوەو چەندانی تری وەکوو لیکۆربۆسێ نەخشە سازی ووڵات و شاریان بۆ داناوە ئەی باشە ئەوانەش بەدەست و بازوو ی مرۆڤ نەهاتوونەتە ئاراوە!؟ کەواتە بۆچی ئێمە هەر ببین بە ئەسیرو تامەزرۆی ئەو بەهەشتە دەستکردانەی خەڵکانی تر کاتی ئەوە نە هاتوە ئیتر قۆڵی لێهەڵبماڵین و بەشێوەیەک دەستی پێبکەین کە لەوەی ئەوان کردوویانە باشتر و جوانتر و سەرەنج ڕاکێشتر دروستیان بکەین و رێز و بەهاو سەنگێک بۆ خۆمان لەلایەن خەڵکانی تریش دروست بکەین؟. بەڵێ ئێمە لە وەرچەرخانێکی مێژوویین و مێژووش هەر لە داهێنانەوە دەست پێدەکات و دروست دەبێت.

ئیتر ئەوەندەی نەماوە ئەگەر چی خەونە جوان و ناسکەکانی منداڵی ئێمە نەهاتە دی بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوا خەونی منداڵ و نەوەکانی داهاتوومان بەو پڕۆژەو دەیان و هەزاران پرۆژەی تری لەو چەشنە دێنە دی و تووشی حەسرەت و سوێی بە فیڕۆ چوونی تەمەنی خەونەکان نا بینەوە.

ئەو پرۆژەیە هی (شاری خەونەکان) نیە کە نەک هەر ناتوانێ ئەو خەونە ڕەنگینانەی منداڵ و گەوران بێنێتە دی بەڵکو زیاتر خەونەکان سنووردار دەکات و گۆشە نیگای دیدو تێڕانین بەرتەسک تردەکاتەوە لەبەر زۆر هۆکاری نەرێنی کە ئێستا جێگەی باسکردنیان نیە لێرە. پرۆژەی ئەو تاوەر و دوکان و بازارە گەورەیەش نیە کە ئێستاو لە داهاتوو دەبێتە ناوەندێکی بازرگانی!! بازرگانی لەسەر شتێک کە نەدروستی دەکەین و نە بیر لە دروستکردنیشی دەکەینەوە. بازرگانی لە پێناوی بازرگانی، بازرگانی لەسەر حیسابی خۆشی و ئارەزوو خولیای کۆکردنەوەی پارەو بەس بە بێ گوێدان بە بەها پیرۆزەکان!!. ئەو پرۆژەی کە باسی دەکەین لەسەر بنەماو بیرکردنەوەیەک دانراوە تا گەورەترین خزمەت بە

چینی کەم دەرامەت و هەژار بکات ئەوانەی کە لەبەر کەمی توانای داراییان ئەوساو ئێستاش نەیان توانیوە تەنها گەشتێکی خێزانیش ڕێکبخەن لە هەموو ژیانی خۆیاندا بەڵام هەمیشە مەردانە لە ڕیزی پێشەوە بوون لە خەبات و بەرخودان. لەو پرۆژەیە ئەوهە ڵانەی کە لەزۆر پرۆژەی تر کراون دووبارە ناکرێنەوە وەکوو پشت بەستن بە کۆمپانیا کانی تورکی و ئێرانی لەسەر بناخەی بەرژەوەندی تایبەتی و لەسە حیسابی چۆنایەتی.

پرۆژەکە بریتیە لە دروستکردنی شارۆچکەیەکی باخچەیی گەشتیاری لەسەر چیای سەفینی سەرکەش کە ساڵانێکی زۆرە بۆتە ئیلهامی شاعیرو گۆرانیبێژە میللیەکان لەلایەن حوکمەتیهەرێمەوەبەڵام لەسەر بناخەی نوێترین تەکنۆلۆجیاو ماددەی نوێی بیناسازی. بۆ چوونە سەر و گەیشتن بەو شارۆچکەیە لەلایەن کۆمپانیایەکی نەمساوی تێلیفریک بە شێوەیەکی نموونەیی سەرسوڕهێنەر نەخشە ی بۆکراوە کە لە ڕووی لای شەقلاوە وە دادەمەزرێنرێنرێت بە شێوەیەک کە گەشتیار لەکاتی بەسەرکەوتنی هەموو لایەکی خۆی لە کابینە شووشەییەکە دەبێنێت بەتایبەتی ئەو فڕۆکە خانە بچووکە کە لە گۆڕەپانەکەی نزیک ئەو ناوە دروست دەکرێت و تایبەت دەبێت بە فێرکردن و فڕین بە فرۆکە بچووکەکانی جۆری گلادەر و فڕۆکەی یەک کەسی و دوو کەسی و چەند هەلیکۆپتەریکی بچووک کە ئەوەش بە شێک دەبێت لە پرۆژەکەو لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەتی ئەلمانی تا شارەزابوونی کادیرانی خۆمان هەڵدەسوڕێنرێت و بۆ هەر کەسێك ئازاد دەبێت کە نرخێکی رەمزی بدات بۆ بەشداری کردن لە خوولەکانی فێربوون. وە ئەوەی کە چاو لێی تێر نابێت ئەو تاڤگە دەستکردە گەورەیە دەبێت کە لەسەرەوە تا خوارەوە دەچێت و بڕی چەند مەتری سێجا ئاو لە یەک چرکە فرێدەداتە خوارەوە. ئەو چارەکە دەمژمێرەی کە گەیشتنەکە دەیخایەنێت لە خوارەوە تا سەرەوە هەستێکی ئەوەندە خۆش دەبەخشێ کە قابیلی لەبیرکردن نەبێت. جگە لە تێلیفریک بۆ چوونە سەر دوو ڕێگەی تر دروست دەکرێت یەکێکیان بۆ پیادە کە لەشێوەی پلیکانە ی پێچاوپێچ دەبێت بە چەندان قۆناخ بە بێ بەکارهێنانی کۆنکرێت کە لەوانەیە جوانی سروشتەکە بشێوێنی و لەو قۆناخانە جێگەی زۆر ڕێک و خۆشی خێزانی تێدا دروستدەکرێت بە هەموو پێداویستیەکانیەوە کە مرۆڤ لێیەوە جوانترین دیمەنی سروشتی دەوروبەر دەبینی. بەڵام ڕێگەی سێهەمیان ڕێگەکی قیرتاوەو لە شێوەی (سپیراڵ) لوولپێچ و کێرڤی ستوونی دەبێت بە پێی باشترین مواسەفاتی ئەندازەیی کە تەنها لە لایەن سەیارەکانی خزمەتگوزاریەوە بەکاردەهێنرێن و بەس! لەسەرەوە و لە نزیکەوە تووشی سەرسورمانێکی گەورە دەبێت کاتێک ئەو پەروانە بڵندانەی پەیداکردنی کارەبا دەبینی کە بە هێواشی و بە جوڵەیەکی وا دەجووڵێنەوە کە زیاتر جۆش و خرۆشی گەشتیاران دەوروژێنێ. ئەو پەروانانەش لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی ئەڵمانی دروست دەکرێن چونکە ئەوان لەو بوارە لە پێشەنگدان و کارەبای ئەو شارۆچکەو شارۆچکەی شەقڵاوەو هەندێک شوێنی تریش هەر لە ڕێگەی ئەوانەوە بەرهەم دەهێنرێن ئیتر بە بڕای بڕ کارەبا لەم شوێنانە نابڕیت! لەوانەش خۆشتر کاتێک کە دەگەیتە سەرەوە هێلێکی ئاسنی بۆ شەمەندەفەرێکی بچووک دادەنرێت کە لە چواردەوری شارۆچکەکە دەسووڕێتەوەو بە نزیک هەموو دامەزراوە کانی ناو شارۆچکەکە گوزەر دەکات و هەر بۆ جوانی بە ژێر دوو تۆنێلیش دا دەڕوات فارگۆنەکانی ئەم شەمەندەفەرە وا دروست دەکرێن کە توانای واڵابوونیان هەبێت لە هاوین و بەهاراندا.

لەم شارۆچکەیە چەندان هۆڵی ئاهەنگ گێران وشایی خێزانی و جەماوەری دەبێت و چەندان هۆتێل و مۆتێلی لێ دروست دەکرێت بە نوێترین کەرەستەو نەخشەی مۆدێرن کە

هەر هەموویان بە نەگەیەنەری گەرمی و دەنگی دادەپۆشرێن و هەموو خزمەتگوزاریەکی وەکوو گەرمی و ساردی و هەواکاری و هۆکارەکانی گەیاندەنی تەلەفۆن و ئینتەرنێت بۆ مسۆگەر دەکرێت لە ڕێگەی هوبێکی سێنترال کە راستەوخۆ لە سەتەلایت و بە باندێکی زۆر گەورە وەردەگیرێت واتە بوارەکەی ئەوەندە فراوان دەبێت کە تێڕای سەدان کۆمپیوتەر دەکات. هەموو هۆتێل و مۆتێل و دامەزراوەکانی تریشن هەموویان بە مۆبیلیاتی ئەڵمانی لەلایەن کۆمپانیای دروستکەرەوە دابین دەکرێن و هەموو کە سێکیش ئازادە کە ئاهەنگی ژن گواستنەوەو مانگی هەنگوینی تێدا بەسەر بەرێت دیسان بە نرخێکی رەمزی!. هەروەها یاریە هەمە جۆرەکانی ئەو دەیەها باخچەیەی کەبۆ منداڵانی بچووک دانراوە هەمان ئەوانە دەبن کە لەئەڵمانیا و بە پێی (دین) واتە مواسەفاتی ستانداردی ئەڵمانی و و ئەوروپی دروستکراون کە پلەی ئەمانیان لە سەدا سەدە نەک وەک ئەوانەی ئێرانی و تورکی کە لە پارکی هەولێر دانراون و بچوکترین هۆکارەکانی ئەمانیان تێدا نیەو لە دروستکردنیان دەیان هەڵەی هەندەسیان تێدایە.

شەقامەکانی ناوەو زۆربەیان بۆ پیادەن و چەند دانەیەکیان نەبێت کە بۆ کاری خزمەتگوزاری دروستدەکرێن بەڵام هەموو ئاڕاستەکانیان داری جوانی لێ دەچێنرێن و و بە دەیان نافوورەی هەمەچەشنەی مۆدێرن و بەخچەی گوڵی هەمە چەشنە و سەدان کوسی جۆراوجۆری دار ئەوانەی کە چارەسەر کراون و بەفرو باران کاریان تێناکات دەڕازێنرێنەوە. جگە لەمانە مەلەوانگەیەکی داخراوی زۆر گەورە بەچەندان حەوزی هەمەچەشنە بۆ گەورەو بچووکان و ساونەو خشخشۆکەی ناو ئاوی تێدا دروست دەکرێت و بڕیار وایە هەر ڕۆژەی لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتیەوە کە وەزارەتی پەروەردەو زانکۆکان لەگەڵ بەرێوەبرایەتی ئەو کۆمەڵگا گەشتیاریە دایدەرێژن هەرڕۆژەی بۆ چەند قوتابخانەو کۆلێجێک تەرخان بکرێت.

چەند بیرۆکەیەک هەیە بۆ گەیاندنی ئاو بۆ ئەو شارۆچکەیەو نەخشەیەکیش دانراوە بۆ دروستکردنی گەورەترین تاڤگەی دەستکرد کە بڕی چەند مەتری سێجا ئاو لە چرکەیەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە ڕێگەی ترۆمپای تایبەتەوە پاش پاک کردنەوەی دەگەڕێنرێتەوە سەرەوە. بەڵام هەرچی ئاوی پیسە ئەوا لە ڕێگەی سیستەمێکی تایبەت سەر بە پرۆژەکە پاکدەکرێتەوەو بۆ کارەکانی ئاودان بەکاردەهێنرێتەوە. لە هەندێک شوێن لە ڕۆخەکانی ئەم چیا سەرکەشە قوللەی تایبتی دروست دەکرێن کە دووربینی تایبەتی گەشتیاریان لەسەردا دادەنرێت تاکوو هاوڵاتیان بتوانن تێر سەیری سروشتی دەوربەری خۆیان بکەن. نیازیشە گرێبەندیەک لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەتمەند بە دروستکردنی هۆڵەکانی سینەمای مۆدێرن بکرێت تاکو سینەمایەک دابمەزرێنرێت کە لە عیراق و ڕۆژهاڵاتی ناوەڕاست نموونەی نەبێت ئەویش سینەمای سێ دووریە واتە موجەسسەم کە لە ڕێگەی تەکنەلۆجیایەکی نوێوە هاتۆتە بەرهەم لەگەڵ چەندان هۆلی پیشاندانی فلیمی ئاسایی. سەرەڕای ئەوانە لە گۆڕپانێکی نێو شارۆچکە بیست یاریگای تێنس و پانزە یاریگای سەبەتەو دوو هۆڵی گەورەی داخراو بۆ یاری بۆلینگ و بلیارد و تێنسی سەر مێز دروست دەکرێت هەروەها چوار چیشتخانەی گەورە ی سێ نهۆمی و چەندان کافیتێریای هەمەجۆری تر لە شوێنی جیا جیا نەخشەیان بۆ دانراوە. جگە لەمانە شوێنێکیش بۆ بەفرە خلیسکەی زستانان و پەیمانگایەکی بچووکیش بە یارمەتی چەند پسپۆڕێکی بیانی دەکرێتەوە بۆ فێرکردن و راهێنانی فڕین بە پەڕەشووت لە زەویەوە بە هۆی هێزێکی کەمی باوە کە بە ئەڵمانی پێی دەوترێت (گلات شیرم) و هەموو پێداویستیکانیشی بۆ دابین دەکرێت. ئەو

پرۆژەیە مەزەندە کراوە کە 500 ملیۆن دۆلاری تێبچێ و لەماوەی دوو ساڵ و نیو تەواو ببێت حوکمەتی هەرێم لە بودجەی خۆی پارەکە ی بۆ داناوە. پاش بڕیارلەسەردانی ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی هاوشێوەش لە سەر گۆیژە وا خەریکە دەچێتە قۆناخی بڕیار لەسەر دان و ئەگەر کار وا بڕوات پاش چەند ساڵێکی کەم گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی گەورە هەم لە وولات و هەم لە جۆری بیرکردنەوەی هاوولاتیان ڕوودەدات.

تێبینی/ خوێنەری خۆشەویست ئەو پرۆژە ناوبراوەی سەرەوە لە زەمینەی ڕاستیدا نیە! بەڵکو تەنها لە هزری نووسەرەوە گەلاڵە بوەو وەکو خەونەکانی کاتی منداڵیمانە. بەلام من لەو باوەڕەم کە حوکمەتی هەرێم درێخی ناکات و لەداهاتوو پرۆژەی لەوەش گەورەتر دێنە ئاراوە! بەهەر حال مەبەستمان لە ڕوانگەی خزمەتەوە ورووژاندنی چەند شتێک بوو بەڵکوو ببنە هەوێن بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو پێشخستنی هەرێمی کوردستان.